# کوانووی کەلەپووری هەوشار

## ڕێزنامەی میرزا حوسەین فەقیهی گەزەردەرە

د. محەمەد ڕەحیمیان

میلان کۆندرا لە ڕۆمانی "هەرماندا" ئەیژێ: "چیان لێ بەسەر دێ ئەو بلیمەتانەی کە لە سەردەمێکی ناکۆکدا لە دایک دەبن، کە چی بۆ ئەو کات و ساتە و بۆ ئەو دەورانە نەخولڵقاون".

کەسی زۆرمان لە مەڵبەندی کوردەواریدا پێ شک تێ کە بە هۆی چەپگەردی گەردوون، هەر یەک بە تەورێ بەر سزای گەردوون دەکەون و دەوران دەوری وان نییە و زەمانە پیریان دەکات و لە بیریان دەبات. بەو شێوە کە ئەشێ بپشکوێن و باڵا بکەن، هەلیان بۆ نارەخسێ. کەسی وا هەیە کە ئەگەر دەور دەوری خۆی بایە و لە کاتی خۆیدا سەری هەڵدایە، بگرە نووسەر و پسپۆڕ یان شاعیر یان هەڵکەوتەیەک بایە لە هەڵکەوتەکان.

مامۆستا میرزا حوسەین فەقیهی (لالە حوسەین) لە دایک بووی ١٣١٤ی هەتاوی لە ئاوایی گەزەردەرەی هەوشار سەر بە شاری تیکاب، کوڕی گەورەی مەلا میرزا ئەحمەد کوڕی خەڵیفە ئەڵماس[1](کە لە سەردەمی خۆیدا وەک کەسایەتییەکی ئەدیب و شاعیر، بەناوبانگ

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری: هوخت، ١٣٤٩، سال بیستم، شمارە ٥، صدیق صفیزادە (بورەکەیی)، خلیفە الماس گزردرئی، ص: ٥٤.

هەر وەها بڕوانە: سدیق، بۆرەکەیی(سەفیزادە). مێژووی وێژەی کوردی، هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٨

بوه)، کوڕی مەلا موستەفا کوڕی مەلاعەبدولکەریم. میرزا حوسەین بە میرمندالّی و لاویەتی لە خزمەت باوکی بەڕێزی و هەر وەها مەلا و ئەدیب و خوێنەوار و کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی ناوچەدا پەروەردە دەبێت. بەم چەشنە گیانی تینووی بە مەعریفەی ئایینی و زانست و ئەدەب تێراو دەکات. بە وتەی خۆی هەر لەو سەردەمەوە حەز بە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی ئەکات. کەڵکەڵەی ئەوە ئەکەوێتە گیانی کە خۆی وتەنی کوردی نووس و کوردی خوێن وێت. مامۆستا کە بە ماوەی سی ساڵ (١٣٧٥- ١٣٤٥ هەتاوی) بەرنوێژی و مەلایەتی ئاوایی گەزەردەرە ئەگرێتە گەردن، لە فێرکاری و ئامۆژگاری و وانەوتنەوەوە بگرە تا شایی و شیوەن بە دەم خەڵکەوە بوە و وەکوو ئەرکێکی پیرۆز ڕوانیویەتە ئەم بابەتەوە. لە لای خەڵکی وا باوە دەڵێن "لالە حوسەین لە شاییا ئەچێتە داواکاری، دەس وەوی ئەنێتە ناو دەس زاوا، سەرچۆپیەکە ئەگرێت و زەماونەکە ئەگەڕێنێ و کارێک بۆ خاون زەماون نامێنێ. لە شیوەنا مردیەکە ئەشۆرێ، تەڵقینی دائەدا و وە خاکی ئەسپێرێ و ئەیلاوێنێت و هیچ کارێک بۆ خاون مردی نامێنێ".

لالە حوسەین بە دڵێکی حەسرەتوارەوە هەست بە کەمایەسی و ملکەچی گەل و نیشتمانی خۆی دەکات، خەمی نەتەوە و گەلەکەی گەشە و گرشانەوەی کوردەواری ئۆقرەی لێ دەبڕێ. بۆیە مەعریفەی حوجرە دەگوزێتەوە بەرهێوانی مەعریفەی کوردی و لە دیواخانی فۆلکلۆری کوردیدا بە دوای پێکهێنانەوەی ماڵی کوردەواری و دۆزینەوەی سیمای کوردی دەکەوێت. بە خاکەساریەکی سوقراتیەوە بەرەک بە لاوەکان ئەگرێت و ئەپرسێت: "کوردی خوێن کوردی نووسی یان نا؟ ئەزانی کورد کییە و کەلەپووری کوردی چییە؟ مێژوو ئەزانی یان نا؟" بە ورووژانەوەی ئەم پرسیارانەوە بێوچان لە هەوڵی ڕوونکردنەوەی واقیعی مێژوو

و ڕەواندنەوەی ئەو تەمە زەخت و زاڵە بوە کە ڕەنگی کوردی پێی بزرکاوە و دەنگی کوردی پێی داخراوە. بۆیە لە هیچ دیوانخانێک دانەنیشتوە کە باسی کوردی لێ نەبێت و لە بەر هیچ پاڵشتێک پاڵی نەداوەتەوە کە پشتی کوردی پێی گەرم نەوێت. لە هێچ باخێک نەحەساوەتەوە کە بولبولی کوردی لێی نەخوێندبێت و لە سێبەر هێچ دارێک وچانی نەداوە کە واشەی کوردی لێێ دانەنیشتبێت. لە هیچ شاخێک وە سەر نەکەوتوە کە بەرجەوەنی کوردی لێوەی دیار نەبێت. لە هیچ شەونشیینیەک ڕۆنەنیشتییە کە قسەی کوردی دانەمەزراندبێت و نەقڵ و حەقایەتی کوردی نەکردبێتە شەوچەلەی شەوگارە درێژەکانی پاییز. لە هیچ ماتەمیینەیەک بەشداری نەکردوە کە کوردی نەلاواندبێتەوە. نەچوەسە سەرچۆپی هیچ زەماوندێک کە بە گۆرانی و رەشبەڵەک عەرزی پێ نەلەرزی بێت. بەم چەشنە دایم و دەرهەم بە خەمخۆریەوە خەڵکی بەرەو خوێندن و زانست هان داوە و لەم تەمەنە هەشتاو پێنج ساڵەیەدا کچ و کوڕی کوردی بۆ خۆدۆزینەوە و خۆناسینەوە دنە داوە و لە زانایی و لێکەوتەیی مناڵی کورد هەڵبەستی هۆنیوەتەوە. زێڕینەڕستەی قسەکانی هەر ئەم دێڕە بوە کە: "مناڵی کورد ئاوایە و مناڵی کورد وای کردیە و وای وتییە". مەبەستیشی لە ئەم وتەیە ئەوە بوە کە مێژووی کورد بخاتە سەر زاران و بڵێت کە ئەم کوردە ناوبزرکاوە، ناوی لە نێو ناواندا بوە و ئاوا بێ دەستە و دەسەڵات نەبوە. ڕەنگە دووپاتەکراوەترین وتەی سەر زاریی هەر ئەمە بێ کە دایمە ئێژێتی: " کەس نەووە بماننناسێنێ و نەناسمان فرەس".

مەیلی ناسینەوەی روومەت و رۆحی کوردی، مەیلێکە بەرەو مەعریفە و هەرمان. ئەو مەیلە ناسک و نازدارە کە لە دڵێکی حەسرەتوارەوە هوڵئەقوڵێ، "لالە حوسەین' ئەکاتە ئەوداڵی ڕێگای خۆشەویستی. "مەژلووم"ئاسا، عاسای ئەوداڵی بە دەس ئەگری و کەشکۆڵی دەورێشی

ئەکاتە شانی بۆ گەیشتن بە "لەیل"ی کوردی. بە ڕەزای گەردوون، گەنجی خۆشی وە جێ تێلێ و بە وێنەی "بەڕەزا" هەڵوەدای ڕێی تەمەننای "وەنەوشە"ی کوردی ئەوێت. شار بە شار و ناوچە بە ناوچە ڕێگا دەبڕێ و ئەچێتە خزمەت شاعیر و نووسەر و زانا و بلیمەتانی سەردەم وەکوو مەلا محەمەدی ڕەبیعی، مەلا عەبدوڵا ئەحمەدیان، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، محەمەد قازی، ئەحمەد قازی، مامۆستا حەقیقی، مامۆستا ئاسۆ، مارف ئاغایی و زۆر کەسی دیکە بەڵکوو دڵی نەسرەوتە و دەردەداری کوردایەتی پێ تێمار کات و ئاگری ئەوینی پێ دامرکێنێ. هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردی بەڕێوە دەچێت خۆی پێ ئەگەیەنێت و دڵی پێ ئەبووژێنێتەوە. هەر گۆڤارێکی کوردی بڵاو دەبێتەوە، پاسەبانی لێ دەکات و ئەیکات بە ئەرشیف، بە شێوەیەک کە ئێستاکە ئەرشیڤێکی تێر و تەسەل و دەوڵەمەندی لە گۆڤاری "سروە"، "ئاوێنە"، "ڕامان"، "شێ' و زۆربەی بڵاڤۆکە کوردیەکان پێک هێناوە. قسەی سەر و بن زاری ئەوەیە کە "ئەشێ نەیێڵین کەلەپوورەکەمان بڑاکێت".

لە کاتی قسە و باسدا بۆ هەر وتەیەکی فاکت و بەڵگەیەک لە گەورە پیاوان و لەو کتێبانەی کە خوێندویەتی دەهێنێتەوە: لە هەژار و مەلا مستەفا و حوزنی مۆکریانی و علائەدین سەجادییەوە بگرە تا سەعدی و مۆعین و دێهخۆدا. زاری دایمە بە شیعری نالی و وەفایی و هێمن و بەیت و باو و گۆرانی ڕەسەنی هەوشار ڕازاوەتەوە:

تەخت توێڵەکەی وەک مانگ لە بەیان　　شۆڵەی لێم کێشا، شەوەق لێم دەمان

گرتی سەرچۆپی وە دەشان دەشان　　گۆشەی دەسماڵۆ بۆ کێ ئەوەشان؟

شەوارم شەق کرد تەپڵم دا لە کۆ　　چەن تەقالام دا نەگەییم وە تۆ

ئەو وادە تۆ داو من شەو نەخەفتم　　هاتمە سەر وادە و دزەڵدز کەفتم

شەو و رۆژ و کات و ساتە سۆزمەندەکانی بە گۆرانی و کەلیمەی خۆش تاماندوە و خۆی پێ حەساندووتەوە.

دەنگم دەرنایە بۆ کەلیمەی خۆش        کێفیەل بسووتێ، بەحریێل بێتە جۆش

دەلێت: "منالْ کورد ریازی باش زانییە. تماشاکەن بزانن چۆن ئەم کەلیمەیلیە خستەیەسە یەک": وە سولْتان بالْغ مالْ لە نسارە        کوشتەی ئەو خالْە هەژدە هەزارە

شەشی کوژیاگە، شەشی زامدارە        شەشی وە سەرگەرد ئەو سەروێن لارە

سیودوو دیانەکەی تەلْای ئەلْەدۆش        دوو دە و هەفت و پەنج. شەیدای شەڕ فرۆش

هەرچی گۆرانی لە دەنگبێژ و دەنگخۆشی هەوشاری بیستییە و هەستی پێ هەڵخرینگاوەتەوە، لە چەند دەفتەردا کۆی کردوە و کردوویە بە بەیازی باڵی مێژووی هونەر و جوانیناسی هەوشار. هۆگری خۆی بۆ گۆرانی و فۆلکلۆر دەباتەوە سەر کتێبەکەی محەمەد موکری[2] و دەگێرێتەوە کە: "وەختێ کتاوەکەی دوکتور محەمەد موکریم خوێنەوە وە خۆمم وت کاواریەک کە سەفیری ئێران بوە لە رووسیاتا بایەخی وە گۆرانی داگە من چۆن بایەخی پێ نەدەم هەر ئەم کتاوە بوە باییس ئەوە کە گۆرانیەکانم کۆ کردەوە". لالە حوسەین سەرەڕای کۆ کردنەوەی گۆرانیەکان بە گشتی، بە شێوەی تایبەتی گۆرانیەکان کەسێک بە ناو مام ڕەحمان داشبلاغی کۆ کردیەسەوە کە لە مەڵبەندی هەوشاردا کەسێکی نەقالْ بوە و بە وتەی میرزا حوسەین چیرۆکی شیرین و فەرهاد و ڕۆسەم و زۆراو و مێعراجنامە و بەیت و کەلێمەی زۆری بە دەنگ و ڕاوێژێکی خۆشەوە چڕیوە. دیسان بە وتەی خۆی بە خوێندنەوەی

---

[2] - بڕوانە: مکری، محمد، گورانی یا ترانەهای کردی، تهران: کتابخانە دانش، ١٣٢٩

ئاسەواری "ئەبولقاسم نەجوا)"[3] سەبارەت بە "فەرهەنگ عامیانە"، لە سەنگ و بایەخی کەلەپووری خۆماڵی و فەرهەنگی زارەکی تێگەیشتوە.

ئەگەر تێگەیشتوو و هۆگرێکی زوان و ئەدەب یان هەر دۆست و ناسیاو یان نەناسیاوێک سەردانی بکات، بە دڵێکی فراوانەوە وەری ئەگرێت و دەڵێت: "وە خێر بیت لالە گیان، سەربەرزمتان کردیە. دار ئەگەر پیر وێت باز ئەنیشێتە بانی'.

مامۆستا فەقیهی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی پێک هێناوە کە زۆربەی کتیبەکانی باسی مێژوو و ئەدەب و دەفتەر و دیوانی شاعیر و نووسەری کوردە و خاڵێکی سەرنجڕاکێشی ئەم کتێبخانەیە ئەوەیە کە زۆربەی کتێبەکان مۆر و پیشکەشی نووسەرکانیانی لە سەرە.

خاڵی هەرە گرینگی ژیانی هزری و فکری میرزا حوسەیەن کە لە سەرەتای وتارەکەدا بە سارستەی "گوێزانەوە لە حوجرەوە بۆ بەرهێوانی کوردی" ئاماژەم پێدا، ئەوەیە کە عەقڵانییەتی ئایینی بە عەقڵانییەتی نەتەوەیی رەنگاندەوە و فەقاهەتی بە داب و نەریتی کوردی گرێ داوە و بە شێوازێکی کرداری و بە بوێریەوە، هیچ داب و دەسوورێک و هیچ نەریتێکی باوی کوردەواری بە ناشەرعی نەزانیوە و هەر هەڵس و کەوتێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی کە مۆرگی نەتەوەیی پێوە بوە، داکۆکی لە سەری کردیە و ڕەواجی پێداوە و زۆرتر باوەڕی بە ئایینێکی نەتەوەیی بوە.

---

[3] - بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم ئاسەوارە بڕوانە: خدایی‌نیا، مهین، فرهنگ عامه، پژوهش‌های ادبی و مردم‌شناسی سید ابوالقاسم انجوی شیرازی(نجوا)، تهران، فروزان روز، ۱۳۸۱

به گشتی با بلێین میرزا حوسەیەن لەو کەسانەیە کە توانیویەتی "*هایدگێر*" کوتەنی "*عالەم*" ێک بۆ خۆی پێک بێنێت. عالەمێک کە 'بوون"ی مرۆڤ لەوێدا ئەدرۆشێتەوە. کەسەکان لەم عالەمەدا خۆیان ئەنوێنن و جێهان ئەدوێنن. لە خۆیان تێ ئەگەیێن و خۆیان ئەبینن. مەرجی تێگەیشتن لە رەنجەکان و خۆشی و ناخۆشیەکانی 'هەبوون'، گێڕانەوە و وتنەوەی ئەو عالەمەیە. عالەمێک کە بە زمان و لە زماندا ساز ئەبێت و بە زمان ئەگێڕدرێتەوە. ئەوانەی لە عالەم بێوەرین، خۆیان ناژین و جیهانیان نییە. 'لالە' سیمای خۆی لە عالەمێک کە بە جەوهەری کورد و کەلەپووری پێکهاتوە ئەبینێت، بۆیە شاد و پڕ سەمەر و "بەختیار عەلی" وتەنی لە دەرەوەی کاتدا ئەژیت.[4] ژیانێک کە لە پێناو کۆکردنەوەی چل و پێنج بابەت سەبارەت بە کەلەپووری کوردەواری چوەتە سەر و وەکوو عالەمێکی "هایدێگێری' بووژاوەتەوە.

بابەتگەلێک کە بریتین لە: گۆرانییەکانی ناوچەی هەوشار / ژن هێنان / خواردەمەنییەکان/ شەوچرای دیوەخان / کشت و کاڵی خۆماڵی / ئاژەڵداری ڕابردوو / ئاوایی ئێمە گەزەردەرەی هەوشار یان حەوت شار/ شەوگاری پاییز / دیوانی مام ڕەحمان / عەزیز و کوبرا / زەردەهەنگ / هەم ژن و هەم ژان / خانخانی و دەرەبەگی / قسەی خۆش ون نەبێ باشە/ وتە زێڕینەکانی باوک و باوەپیارەکانمان/ تۆبە دادان / باوەڕەکان / نانی تەویر / پرسە و سەرەخۆشی / کەکرە جاڕ / وتووەتەی کۆن و تازە / پێناسی پەرتووک / یارییە لە بیرەوەچووەکان / نامەکان سروە / لە هەر ماڵێ هەواڵێ / بەمانە ئەوانە بڵێن / نامە کۆنەکان / گەلەڕاوێژی / وتەی دەوری تەنوور و کوانوو / بەیت و وتەی پرش و بڵاو/

---

[4] - بڕوانە: بەختیار عەلی، کەشتی فریشتەکان، سلێمانی: ئەندێشە، ٢٠١٧

وتەی جۆراوجۆر/ گرۆگاڵی خۆم / وتەی ناو خەڵکی / یان تۆ یان هیچ کەس (وەرگێڕانی دیوانە شێعرێکی مریەم حەیدەرزادە/ بۆ پێکەنین / سم سم کەرە و چنگ چنگ یاسیَ/ ژن بە ژن یان گەورە بە بچووک / بەهارە / واژووڕ / هەڵبەستی پرش و بڵاو / شەڕ و تاڵان / کارە دەستییەکانی پیاوانە/ کارە دەستییەکانی ژنانە / توواف یان سەرشەخسی / فەرهەنگی وشەی ڕەسەنی کوردی سروە.